حکومەتی هەرێمی کوردستان – عیراق
وەزارەتی پەروەردە
بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان

# خوێندنی کوردی

## قۆناغی بنەڕەتی – پۆلی دووەم

## وەرزی یەکەم

لیژنــــەی دانــان

صادق احمد عثمان
عەبدوڵڵا حەسەن قادر
خەلیل حەمەدئەمین خضر
بەناز عەبدولکەریم محەمەد
نەمام جلال رشید
هیدایەت ئەحمەد کەریم
ئەسعەد عەزیز محەمەد
خەندە خالد ئیسماعیل
گوڵنار حەمەئەمین عەزیز
سەلیم عەلی عومەر
ئەژین ساڵح ئەحمەد
محەمەد وەیسی محەمەد

چاپی دووەم　(١٤٤٣)کۆچی　(٢٠٢٢) زاینی　(٢٧٢٢) کوردی

هەڵسەنگاندنی زانستی
د. صباح رشید قادر
د.ابراهیم قادر محمد

هەڵسەنگاندنی دەرونزانی
نازدار صالح حمید

سەرپەرشتیاری زانستیی چاپ
صادق احمد عثمان
ناهدە رحمان ابراهیم

نەخشەسازی
عوسمان پیرداود کواز

سەرپەرشتی هونەری چاپ
خالید سەلیم محمود

نیگارەکانی ناوەڕۆك
شنۆ یحیی خضر
جوهر محمد عمر


تابلۆی بەرگ
ئاریان عبدالخالق سەرسام

نەخشەسازی بەرگ
ئاری محسن احمد

ناوی قوتابی:..............................

پۆل و هۆبـه:..............................

ناوی قوتابخانه:...........................



# پێشـــەکی

زمان سیستەمێکە بۆ پەیوەندیکردن و ئاخاوتن و لەیەکتر تێگەیشتن، کە گوزارشت لە هزر و ناخی مرۆڤ دەکات، بەمەبەستی دەستەبەرکردنی پێداویستییە واتایی و مادییەکانی ژیان.

زمانی دایك زمانێکە منداڵ لە ماڵ و دەوروبەر فێریدەبێت، لە قوتابخانەش گەشەی پێدەدرێت و وردەوردە لە زمانی قسەکردن و گفتوگۆکردن بەرەو زمانی خوێندن و نوسین دەچێت.

گرنگیدان بە خوێندن بە گشتی و زمانی دایك (زمانی کوردی) بەتایبەتی گرنگیدانە بە (هەبوون، مێژوو، کەلتور، ڕۆشنبیری،نەتەوە و نیشتمان)، هەر لە دەروازەی بیرکردنەوە و پێویستیی پرۆگرامی خوێندنی زمان و شانبەشانی پرۆگرامی بابەتەکانی تر پێویستی بە گۆڕین و نوێکردنەوە هەیە. ئەمڕۆکەش ژیان لە پێشکەوتن دایە، هەر ژینگەی منداڵ و حەز و پێویستییەکانیەتی، خوێندنی زمانەکەمان بە ئاراستە تازەکان و فێربوون بە ستانداردی جیهانی دەبات، کە دەمێکە لە زمانەکانی تری خوێندن پیادەکراوە.

لەم کتێبەی (خوێندنی کوردی) پۆلی دووەمی قۆناغی بنەڕەتی، کە تەواوکەر و درێژەپێدەری کتێبی (خوێندنی کوردی) پۆلی یەکەمی بنەڕەتییە، بەپێی پێواندنی(ستاندارد) بنەمای پرۆگرامی نوێی خوێندنی زمان دانراوە، تێیدا مامۆستا ئاراستەکار و ڕێنمایکارە و قوتابی چەقی پرۆسەکەیە، بەوردی کار بۆ جێبەجێکردنی هەر چوار کارامەییەکانی زمان (بیستن و تێگەیشتن، ئاخاوتن، خوێندنەوە، نوسین) کراوە و مەعریفە و بەها و چالاکییەکان بەشێوەیەك دراونەتە قوتابی، کە حەز و ئارەزو و پاڵنەری خۆشەویستی بۆ بابەتەکە لا دروست ببێت، ئەمەش لە پرۆگرامی پێشوو بە ڕێژەیەکی کەمتر بایەخی پێدرابوو.

لەم شێوە نوێیەی پرۆگرامی زمان، لەتەك فێربوون و فێرکردن بایەخی زۆر بە بنیادنانی کەسایەتییەکی سەرکەوتوو و سەربەخۆ و متمانە بەخۆبووی قوتابی دراوە، تاکو لە ئایندەدا بتوانێت بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە ژیانی ڕۆژانە و پیشەکەی خۆی سودی لێوەربگرێت.

# نەخشەی کتێبی خوێندنی کوردی پۆلی دووەمی بنەڕەتی - وەرزی یەکەم

| بابەتەکان | چالاکییەکان | ئامانج |
|---|---|---|
| پێداچوونەوە بە هەندێك بابەتی پۆلی یەکەمی بنەڕەتی | * ئاخافتن، خوێندنەوە، نوسینەوە، ڕێنوس<br>* کارکردن لەسەر: دەنگ، بڕگە، پیت، وشە، ڕستە، پۆلێنکردن، هەڵوەشاندنەوە ، پێکهێنان و بەیەکتر گەیاندن | بیرخستنەوەی هەندێ بابەتی ساڵی ڕابردوو |
| یەکەی یەکەم (قوتابخانە) | | |
| گەڕانەوە بۆ قوتابخانە | *خوێندنەوە– هاوواتاکان- گفتوگۆکردن<br>*دۆزینەوەی وشە لە ڕێگای پیت، بڕگەکردن<br>*دروستکردنی ڕستە لە ڕێگای وێنە– جێناوی(من–م)<br>*خۆشنوسی–ڕێنوس–ئامۆژگاری (هاندان بۆ خوێندن) | *خۆشەویستی قوتابخانە<br>*پابەندبوون بە ڕەفتاری دروست: کاتی لەخەو هەڵستان–سڵاوکردن–خواردنی نانی بەیانی<br>*پاکوخاوێنی و ڕێکپۆشی<br>*پاراستنی کتێبەکان<br>*خۆشەویستی هاوڕێکان |
| قوتابخانە (شیعر) | *خوێندنەوە–ڕاڤەکردن–ئەزبەرکردن | *خۆشەویستی قوتابخانە<br>*پاراستنی کەلوپەلی قوتابخانە<br>*سودی خوێندن بۆ مرۆڤ |
| پۆلەکەمان پاکوخاوێنە | *خوێندنەوە– گفتوگۆکردن– یاساکانی ناو پۆل<br>*دژواتاکان–پێکهێنانی گرێ<br>*ناساندنی کار لە ڕێگای وێنە–جێناوی (ئێمە –مان)<br>*خۆشنوسی–ڕێنوس–ئامۆژگاری (ڕازاندنەوەی گەڕەك و شەقامەکان) | *پاکراگرتنی پۆل و قوتابخانە و گەڕەك و شەقام<br>*کاری هەرەوەزی<br>*پابەندبوون بە ڕەفتاری باش لە پۆلدا<br>*پاکوخاوێنی جەستە |
| لە پشووی نێوان وانەکاندا (سیناریۆ) | گێڕانەوە - گفتوگۆ و دەربڕین - نمایشکردن | پاکوخاوێنی – شێوازی ئاخافتن – پابەندبوون بە ڕەفتاری باش |
| یەکەی دووەم (ئاکار و ڕەوشت) | | |
| مرۆڤی بەسود | *خوێندنەوە–هاوواتاکان–گفتوگۆکردن<br>*دۆزینەوەی وشە لە ڕێگای پیت– مەتەڵ<br>*دژواتاکان–ناوی چەند پیشەیەك بە وێنە<br>*خۆشنوسی–ڕێنوس– ئامۆژگاری(ڕەوشتی باش) | *خۆنەویستی<br>*هاوکاریکردن<br>*خۆشەویستی خەڵك و شار و لادێ<br>*دڵسۆزی و خزمەتکردن |
| واری مە (شیعر) | خوێندنەوە–ڕاڤەکردن–ئەزبەرکردن | * هەستی نەتەوایەتی<br>* هاووڵاتی بوون<br>* خۆشەویستی نیشتمان |
| ڕەفتاری هاتوچۆ | *خوێندنەوە– هاوواتاکان– گفتوگۆکردن<br>*دۆزینەوەی وشە لە ڕێگەی پیت– ناساندنی پلەکانی هاوەڵناوی چۆنی<br>*پڕکردنەوەی بۆشایی–تەواوکردنی | *ڕێزگرتن لە یاسا<br>*ژانیاری(ترافیك لایت)<br>*پابەندبوون بە ڕێنماییەکان<br>*ڕەفتاری جوان |

| | | |
|---|---|---|
| | *خۆشنوسی–ڕێنوس– ئامۆژگاری<br>(بەکارهێنانی دەستەواژەی ڕێزلێنان) | |
| یەکەی سێیەم | (زانست و تەندروستی) | |
| ددانەکانمان | *خوێندنەوە – هاوواتاکان – گفتوگۆکردن<br>*تەواوکردنی برگە–پۆلێنکردن<br>*ئەندامەکانی جەستە –ڕێکخستنی ڕستە و نوسینەوە<br>*خۆشنوسی–ڕێنوس–ئامۆژگاری (سەردانی پزیشکی ددان) | *زانیاری دەربارەی ددانەکان<br>*بایەخدان بە تەندروستی ددان<br>*شێوازی شوشتنی ددان<br>*سەردانی پزیشکی ددان |
| سوڕی ئاو<br>(شیعر) | *خوێندنەوە– ڕاڤەکردن – ئەزبەرکردن | باران چۆن پەیدادەبێت و دەبارێت |
| بەیتاڵ– ڤێتێرنەری<br>(سیناریۆ) | گێڕانەوەی چیرۆك – گفتوگۆ و دەربڕین _ نمایشکردن | هاوڕێیەتی ئاژەڵ–بەزەیی–هاوکاری |
| کۆمپیوتەر | *خوێندنەوە – هاوواتاکان –گفتوگۆکردن<br>*بەشەکانی کۆمپیوتەر–دۆزینەوەی وشە لە ڕێگای پیت<br>*چۆن پەلکەزێڕینە پەیدادەبێت–ئامێرەکانی کارەبا<br>*خۆشنوسی–ڕێنوس ئامۆژگاری(تەندروستی چاو) | *زانیاری دەربارەی کۆمپیوتەر<br>* جۆرێکی تری ئامێری کارەبا<br>*بایەخدان بە تەندروستی چاو<br>*چۆنییەتی پەیدابوونی پەلکە زێڕینە |
| یەکەی چوارەم | (نیشتمان) | |
| کوردستان | * خوێندنەوە–هاوواتاکان–گفتوگۆکردن<br>* یاریی دروستکردنی وشە–ڕاستکردنەوەی هەڵەی ڕستە<br>* دروستکردنی ڕستە لە وێنە–جێناوی(تۆ–ت)<br>* خۆشنوسی–ڕێنوس–ئامۆژگاری (پاراستنی وڵات) | * خۆشەویستی وڵات<br>* شانازیکردن بە نیشتمان<br>* خۆشەویستی پێشمەرگە |
| ئاڵامان (شیعر) | * خوێندنەوە– ڕاڤەکردن – ئەزبەرکردن | *خۆشەویستی و ڕێزگرتن لە ئاڵای کوردستان<br>*زانیاری دەربارەی ڕەنگەکانی ئاڵای کوردستان |
| گەشتی شانەدەر | * خوێندنەوە – هاوواتاکان – گفتوگۆکردن<br>* ناوی وێنە و گۆکردنی دەنگەکانی–دۆزینەوەی وشە لە ڕێگای پیت<br>* جێناوی(ئێوە–تان)–بەکارهێنانی جێناوی (من، تۆ، ئەو)<br>* خۆشنوسی–ڕێنوس–ئامۆژگاری (گرنگی شوێنەوارەکان) | * زانیاری دەربارەی شوێنەوارەکان<br>* گرنگی شوێنەوارەکان و پاراستنیان<br>* ژیان لە چاخە کۆنەکاندا |
| فەرهەنگۆك | | |
| ناوەڕۆك | | |

# ساڵی نوێمان پیرۆزبێ




دەرچووی پۆلی یەکەمم     وا لە پۆلی دووەمم
یاخوا پیرۆزبێ لێمان     خوێندنی ساڵی نوێمان
من قوتابییەکی وریام     گوێ ڕایەڵی مامۆستام
قوتابخانەم خۆشدەوێ     چونکە دڵ تیا دەسرەوێ
کەلوپەلی خاوێنم     هیچ کات نایانشکێنم
هەربژی قوتابخانە     کە مەڵبەندی ژیانە
بژی مامۆستاکانم     هاوڕێ زیرەکەکانم

---

شاعیر ناوی (لەیلا مستەفا)یە، خەڵکی شاری شەقڵاوەیە، لە ساڵی (١٩٦٣)ز لەدایکبووە، زۆر شیعر و بابەتی ئەدەبی منداڵانی بڵاوکردۆتەوە، لە ساڵی (٢٠٢٠)ز کۆچیکردووە.



# چالاكی و ڕاهێنان

**١/ دەنگی  پیتەكان گۆدەكەم.**

ئـ  ا  ب  پ  ت  ج  چ  ح  خ

د  ر  ڕ  ز  ژ  س  ش  ع  غ

ف  ڤ  ق  ك  گ  ل  ڵ  م  ن

ۆ  و  وو  هـ  ە  ێ  ی

(ا، ە) لەگەڵ دەنگی تر گۆدەكرێن.

**٢/ شێوەی تری پیتەكان دەنوسم.**

| | | |
|---|---|---|
| پ .......... | جـ .......... | ق .......... |
| ن .......... | کـ .......... | ش ........ |
| ع .......... | حـ .......... | ێ ......... |
| س ........ | مـ.......... | چ .......... |
| ڤ .......... | گـ .......... | ف .......... |

٣ / پیتەکان لێکدەدەم و بڕگەکان دەڵێم.

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| د | + | ا | ← | دا |
| د | + | ە | ← | دە |
| ر | + | ا | ← | را |
| ر | + | ە | ← | رە |
| ز | + | ا | ← | زا |
| ز | + | ە | ← | زە |

٤ / وشەکان تەواودەکەم، دەخوێنمەوە.

دا.....د      د.....دە

دار.....      د.....را

.....ارا      زا.....ا

زاز.....      .....ازا

٥ / پیتەکان لێکدەدەم، بڕگەکان دەڵێم.

و + ە ← وە

و + ا ← وا

ڕ + ە ← ڕە

ڕ + ا ← ڕا

د + ۆ ← دۆ

یـ + ە ← یە

یـ + ا ← یا

ئـ + ا ← ئا

٦ / لە پیت و بڕگە وشە دروستدەکەم، دەخوێنمەوە.

ڕا + و = ڕاو

وە + ڕە = .....

د + ۆ = .....

ئـ + ا + و = .....

ڕ + ە + ز = .....

ڕە + وەز = .....

دە + ڕە + وە= .....

دا + یە = .....



## ٧ / سمۆره‌كه‌ له‌ كوێیـه‌؟



سمۆره‌ له‌ ........ داره‌كه‌یه‌.



سمۆره‌ له‌ ........ داره‌كه‌یه‌.



سمۆره‌ له‌ ........كونی داره‌كه‌یه‌.



سمۆره‌ له‌ ........ داره‌كه‌یه‌.

٨/ پیتەکان لێکدەدەم و بڕگەکان دەڵێم.

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| نـ | + | ا | ← | نا |
| ژ | + | ە | ← | ژە |
| ژ | + | ا | ← | ژا |
| د | + | ێ | ← | دێ |
| بـ | + | ە | ← | بە |
| بـ | + | ا | ← | با |
| سـ | + | ە | ← | سە |
| س | + | ا | ← | سا |
| مـ | + | ە | ← | مە |
| مـ | + | ا | ← | ما |
| بـ | + | ۆ | ← | بۆ |

## ٩/ بڕگەکان لێکدەدەم، وشە و ڕستە دەنوسم.

دەست + پا + کی ← .................

ڕە + وشـ + تێـ + کی ← .................

جوا + نە ← .................

.................................................................................................

## ١٠ / وشە دەخوێنمەوە، بڕگەدەکەم، پیتەکان دەنوسم.

کارمەند - ....... | ....... - ..... | ..... | ..... | ..... | ..... | ..... | .....

قوتابی - ....... | ....... | ....... - ..... | ..... | ..... | ..... | ..... | .....

مامۆستا - ....... | ....... | ....... - ..... | ..... | ..... | ..... | ..... | ..... | .....

**١١/ دەنگی پیتەکان گۆدەکەم، بڕگە دەڵێم، وشە تەواودەکەم، دەخوێنمەوە.**

تـ + ە ← تە

تـ + ا ← تا

کـ + ە ← کە

کـ + ا ← کا

حـ + ە ← حە

حـ + ا ← حا

شـ + ە ← شە

شـ + ا ← شا

پـ + ە ← پە

پـ + ا ← پا

| | | |
|---|---|---|
| کر + ............ | تەخـ + ......... | ژین +............ |
| پۆڕ + ............ | هێن + ............ | سیر + ............ |

### ١٢ / بڕگە لێکدەدەم، وشە دەنوسم، دەخوێنمەوە.

ده + هۆڵ ← .............

شمـ + شاڵ ← .............

گیـ + تار ← .............

بـا + ڵە + بان ← .............



### ١٣/ وشە دەخوێـنمەوە، دووبارەکان ڕەنگدەکەم.

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| باغ | مۆز | کەف | ئاو | ئاش |
| ساج | شیر | بەڕوو | ئارد | کەم |
| شێر | پەموو | مۆز | شیر | کەف |

١٤/ دەنگەکان گۆدەکەم، بڕگە دەڵێم، وشە تەواودەکەم، دەخوێنمەوە.

| | | | |
|---|---|---|---|
| گـ | + | ە | ← گە |
| گـ | + | ا | ← گا |
| فـ | + | ە | ← فە |
| فـ | + | ا | ← فا |
| لـ | + | ە | ← لە |
| لـ | + | ا | ← لا |
| عـ | + | ە | ← عە |
| عـ | + | ا | ← عا |
| ڵـ | + | ە | ← ڵە |
| ڵـ | + | ا | ← ڵا |

| | | |
|---|---|---|
| ............ + نۆس | پیا + ......... | گە +.........+ وێژ |
| با+ .........د + ڕێ | پە + پو +........... | ............ + ڵا |

### ١٥/ ناوی وێنەکان دەڵێم، پیتی کۆتایی دەنوسم، دەنگەکەی گۆدەکەم.







### ١٦/ دەنگی پیتەکان گۆدەکەم، بڕگە دەڵێم، وشەکان تەواودەکەم.

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| هـ | + | ە | ← | هە |
| هـ | + | ا | ← | ها |
| قـ | + | ە | ← | قە |
| قـ | + | ا | ← | قا |
| خـ | + | ە | ← | خە |
| خـ | + | ا | ← | خا |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| جـ | + | ه | ← | جه |
| جـ | + | ا | ← | جا |
| غـ | + | ه | ← | غه |
| غـ | + | ا | ← | غا |
| قـ | + | ه | ← | قه |
| قـ | + | ا | ← | قا |

نوو ............

جو +.........+ ڵه

لا+ .........

.......... + نع

........... + تاق

ر+غا+رێن ..........

.........+ نه + قين

**١٧ / وشەكان بە گوێرەی پیتەكان پۆلێندەكەم.**

شەكر، نیسك، جۆ، نان، ئاو، دۆ، سماق، ئـارد، باسوق، شیر

| ن | ۆ | ش | ئـ | ق |
|---|---|---|---|---|
| ................ | ................ | ................ | ................ | ................ |
| ................ | ................ | ................ | ................ | ................ |

**١٨/ پیتی ناو بازنە لە شوێنی گونجاو دەنوسم، دەخوێنمەوە.**


| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| د | بەر... | .....ایك | ..... او | ئاو.....ان |
| ر | دا..... | تا.....ا | یا.....ی | داپیـ..... |
| ز | با..... | قا..... | .....مان | با....ڕ |
| و | چا..... | زە.....ی | ڕ.....بار | مێـ.....ژ |
| ڕ | كو..... | ...ێواس | بە.....وو | .....ەژوو |
| ۆ | جـ..... | نەور.....ز | ئەژنـ..... | د.....شاو |


**١٩/ وشە پۆلێندەکەم، لە شوێنی گونجاو دەیاننوسم.**

ئـــاکرێ، قـاچ، کۆمپیوتەر، زاخۆ، تەلەفزیۆن، دەست

| ئەندامی لەش | ئـامێر | شـــار |
| --- | --- | --- |
| ........................ | ........................ | ........................ |
| ........................ | ........................ | ........................ |

**٢٠ / لاسایی دەنگی گیانداران دەکەمەوە، نـاویان دەنوسم.**





.............................................

.............................................





.............................................

.............................................

## ٢١/ ناوی میوەکان دەڵێم، لە شوێنی گونجاو دەیاننوسم.



....................



....................



....................



....................



....................



....................



....................



....................



....................

**٢٢ / وشەکان پۆلێـندەکەم، دەیاننووسمەوە.**

( دووربین، گیتـار، شەقڵاوە، ماتۆڕ، ئـــامەد
مەهـابـاد، پانکە، هەڵەبـجە )

| شار | ئامێر |
| --- | --- |
| ........................................ | ........................................ |
| ........................................ | ........................................ |
| ........................................ | ........................................ |
| ........................................ | ........................................ |

**٢٣/ پیتی ناو لاکێشەکان لە شوێنی گونجاو دەنوسم، دەخوێنمەوە.**

| | | | | |
| --- | --- | --- | --- | --- |
| ی یـ | مراو.... | دا.....ـه | دەر...ا | زر.....زە |
| ئـ | .....او | .....اری | .....ارد | ....اش |
| ن نـ | شا.....ۆ | ئاوێـ.....ـە | گە....م | هە....گویـ.... |
| ژ | .....یان | ئە.....ی | گەلاوێـ.... | ڕۆ..... |
| ێ ێـ | ڕ..... | شـ.....ر | د..... | سـ.....و |
| ب بـ | .....زن | .....ـەرخ | کە.....ا.... | .....اران |

**٢٤/ ناوی وێنەکان دەنوسم، هەڵیاندەوەشێنمەوە بۆ بڕگە و پیت.**







**٢٥/ پیتی ناو لاکێشەکان لە شوێنی گونجاو دەنوسم، دەیانخوێنمەوە.**

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| س سـ | گێلا..... | ..... ـەیران | دە..... ت | پۆلیـ..... |
| وو | د..... | ڕ..... | بەڕ..... | باز.... |
| م مـ | شە.....اڵ | .....ـەڕ | پە....وو | ....ـەشخەڵ |
| ت تـ | زسـ.....ان | شوشـ..... | بیسـ..... | .....ۆپ |
| ك کـ | .....ۆتر | چۆلە.....ـە | .....یسەڵ | بوو..... |
| ح حـ | .....ـەلوا | .....ـەیران | ڕەیـ.....ان | تیمسا..... |

**٢٦ / ناوی وێنــەکان دەڵێم، لە شوێنی گونجاو دەیانوسم.**



.........................................



.........................................




.........................................



.........................................



.........................................



.........................................

### ٢٧/ وشەی گونجاو بە یەکتر دەگەیەنم.

| | |
|---|---|
| قەڵای | ڕەق |
| نـــانی | قەڵەو |
| مانگای | دێرین |

### ٢٨/ وشەکان ڕێکدەخەم، ڕستە دەنوسم.

١- (دەکەن، سوارەکان، غارغارێن)



..................................................

٢- (زۆرە، درەختی، دارستان)



..................................................

٣- (کۆمپیوتەر، بەسودە، ئامێرێکی)



..................................................

**٢٩/ ناوی مانگەکان لە شوێنی ڕاست دەنوسم.**

( پوشپەڕ، ڕەزبەر، نەورۆز، گوڵان، بەفرانبار، جۆزەردان، گەلاوێژ،
سەرماوەرز، ڕەشەمێ، گەڵاڕێزان، ڕێبەندان، خەرمانان)



بــەهار

............. .............
..............



هـاوین

............. .............
..............



پایــز

............. .............
..............



زســتان

............. .............
..............

**٣٠/ دژواتاکان لە شوێنی گونجاو دەنوسم.**

( کورت، نـزم، کۆن، تەسك، کـەم )

| | |
|---|---|
| نـوێ ........... | بـەرز ........... |
| درێـژ ........... | فراوان ........... |
| زۆر ........... | |

**٣١/ سەرنجدەدەم، دەخوێنمەوە.**

ئـ –

گرتن...

گرتن و ئازاردانی...

گرتن و ئازاردانی باڵندە...

گرتن و ئازاردانی باڵندە پەسەند نییە.



ب–

من...

من گۆڤاری...

من گۆڤاری منداڵان...

من گۆڤاری منداڵان دەخوێنمەوە

### ٣٢/ ڕستە دەخوێنمەوە، دەیانووسمەوە.

١- من ڕێز لە یاسا دەگرم.

..............................................................................

٢- من لەسەر دیوار نانوسم.

..............................................................................

٣- من کتێبەکانی خۆم پاکوخاوێن ڕادەگرم.

..............................................................................

٤- من خاشاك فڕێنادەمە سەر زەوی.

..............................................................................

٥- من منداڵم مافم هەیە.

..............................................................................

٦- من مرۆڤی ڕاستگۆم خۆشدەوێت.

..............................................................................

## یەکەی یەکەم

# قوتابخانـــه

یەکەم: گەڕانەوە بۆ قوتابخانە

دووەم: قوتابخانە (شیعر)

سێیەم:  پۆلەکەمان پاکوخاوێنە

چوارەم: لە پشووی نێوان وانەکاندا ( سیناریۆ)

# گەڕانـەوە بۆ قوتابخانە




لـە یەکـەم ڕۆژی ساڵی نوێـی خوێندنـدا، دەرگای قوتابخانـە دەکرێتـەوە و قوتابییـان بـەرەو قوتابخانـە دەکەونـەڕێ، سـەفین بەیانـی زوو لـە خـەو هەڵسـتا، دوای ئـەوەی بەیانـی باشـی لـە ئەندامانـی خێزانەکـەی کـرد، دەسـت و دەموچـاوی شوشـت، ئینجـا نانـی بەیانـی خـوارد، جلەکانـی لەبەرکـرد، هەگبەکـەی هەڵگـرت و بـەرەو قوتابخانـە کەوتـەڕێ.

لە ڕێـگادا سـڵاوی لـە هاوڕێکانـی کـرد، باسـی پشـووی هاویـن و پەرۆشـیی گەڕانـەوەی بـۆ قوتابخانە دەکـرد، چونکـە شـوێنی پەروەردەکـردن و فێربـوون و یاریکردنە.

لـە قوتابخانـەدا، مامۆسـتایان پێشـوازییان لێکـردن و بـەرەو پۆلەکانیـان بـردن.

ئەوانیش زۆر دڵخۆشبوون و گوتیان:

(ئای چەند خۆشە گەڕانەوە بۆ قوتابخـانە!)



# چالاكی و ڕاهێنان

## هاوواتاكان لە شوێنی گونجاو دەنوسم.

(پیل، شەیدا، بەپیرەوەچوون، بەرچایی، جانتا)

نانی بەیانی ..............................


شان ..............................

پەرۆش ..............................

پێشوازیكردن ..............................

هەگبە ..............................

## گفتوگۆدەكەین:



* سەفین كە لە خەو هەڵستا بەیانی باشی لە كێ كرد؟
* ئایا سەفین نانی بەیانی خوارد؟
* سودی خواردنی نانی بەیانی چییە؟
* سەفین و هاوڕێكانی لە ڕێگادا باسی چییان كرد؟
* تۆ چۆن پشووی هاوینت بەسەربرد؟
* لە قوتابخانە كێ پێشوازی لە قوتابییان كرد؟

## له دەقەکەدا وشە دەدۆزمەوە.

* سێ وشە پیتی (خـ خ )یان تێدابێت.

.................................... .................................... ....................................

* سێ وشە پیتی (شـ ش)یان تێدابێت.

.................................... .................................... ....................................

* سێ وشە پیتی (جـ ج)یان تێدابێت.

.................................... .................................... ....................................

## وشەکان بڕگە دەکەم، ژمارەی بڕگەکان دەنوسم.

خێزان: ............ خێـ / زان ............ (٢)

بەڕێوەبەر: .................................... ( )

پۆل: .................................... ( )

پەروەردە: .................................... ( )

گفتوگۆدەکەین، ڕستە بۆ ئەم وێنەیە دەنوسین.



١ ....................................................................

٢ ....................................................................

(من) بۆ خۆم دەڵێم.



من خوێندم.

........ ناشت ........

........ گوت ........

........ هێنا ........

........ خوارد ........

## خۆشنوسی

چەند خۆشە گەڕانەوە بۆ قوتابخانە!

چەند خۆشە گەڕانەوە بۆ قوتابخانە!

چەند خۆشە گەڕانەوە بۆ قوتابخانە!

## ڕێنوس

| | | |
|---|---|---|
| هاوین | بەیانی | خێزان |
| پشووی هاوین | نانی بەیانی | ئەندامی خێزان |

قوتابخانە شوێنی پەروەردەکردن و فێربوون و یاریکردنە.

## ئامۆژگاری

بۆئەوەی بە ئاواتەکانمان بگەین، پێویستە بخوێنین و فێربین.

# قوتابخانه




قوتابخانە زۆر خۆشە
مەڵبەندی بیر و هۆشە

دەیپارێزم باخچەکەی
دەرگا و شوشە و پەنجەرەی

قوتابخانە گشت کاتێ
ڕوناکیمان دەداتێ

فێرمان دەکات وریا بین
بۆ تەنگانە ئازابین

قوتابخانە زۆر خۆشە
مەڵبەندی بیر و هۆشە

---

شاعیر ناوی (لەتیف مەحمود محەمەد)ە بە لەتیف هەڵمەت ناسراوە لە ساڵی (١٩٤٧) زلە شاری کفری لەدایکبووە، چەند دیوانێکی شیعری هەیە.



# چالاکی و ڕاهێنان



## هاوواتاکان

قوتابخانە: خوێندنگەهـ، مەکتەب

مەڵبەند: ناوەند، بنکە

وریا: هۆشیار، زرنگ، بەئاگا

ڕاقەیانبکە: ڕونیانبکەوە، لێکیانبدەوە

## گفتوگۆدەکەین.

* سالآنە لە چ مانگێکدا دەرگای قوتابخانەکان دەکرێنەوە ؟
* قوتابخانە مەڵبەندی چییە؟
* چۆن قوتابخانەی خۆمان دەپارێزین؟
* ناوی قوتابخانەکەت چییە؟ ناوی قوتابخانەی تر دەزانیت؟



## نیو دێرەکەی تر دەنوسم، ڕاقەیاندەکەم.

قوتابخانە گشت کاتێ ..............................

.............................. بۆ تەنگانە ئازابین

# پۆلەکەمان پاکوخاوێنە




مامۆستا هاتە ژورەوە، بەیانی باشی لە قوتابییان کرد، ئەوانیش وەڵامیان دایەوە.

شەهێن دەستی بڵندکرد و گوتی: مامۆستای بەڕێز، ئەم گوڵانەم بۆ جوانکردنی پۆلەکەمان هێناوە.

مامۆستا زۆر سپاسیکرد و گوتی: دەی، با پۆلەکەمان بڕازێنینەوە، جوانی بکەین و پاکوخاوێنی ڕابگرین.

هەموو قوتابییەکانی پۆلی دووەم، لە ڕازاندنەوە و پاککردنەوەی پۆلەکەیاندا بەشداربوون، بەیەك دەنگ گوتیان: پۆلەکەمان چەند جوانە!



# چالاکی و ڕاهێنان

## گفتوگۆدەکەین.

* شەهێن لە پۆلدا، پێش ئاخافتن چی کرد؟
* شەهێن بۆ جوانکردنی پۆلەکەی چی هێنابوو؟
* مامۆستا و شەهێن و هاوڕێکانی چییان لە پۆلەکە کرد؟
* ئێوە پۆلەکەی خۆتان ڕازاندۆتەوە؟
* ئێوە بە هەرەوەزی پۆلی خۆتان خاوێندەکەنەوە؟

## لەسەر تەختە دەنوسینەوە و دەخوێنینەوە.


یاساکانی ناو پۆل:



١– هێمنی پۆلەکەم دەپارێزم.
٢– کاتێ مامۆستا فێرمان دەکات گوێی لێدەگرم.
٣– تا مامۆستا ڕێگام پێنەدات قسەناکەم.
٤– هاوڕێکانم خۆشدەوێن و هاوکارییان دەکەم.
٥– هەر شتێك بدۆزمەوە دەیدەمە مامۆستا.
٦– پۆلەکەم پاکوخاوێن ڕادەگرم.
٧– کەلوپەلی پۆلەکەم دەپارێزم.
٨– ئازاری کەس نادەم، ڕازینابم کەسیش ئازارمبدات.

## دژواتاكان دەگەیەنم.

| | |
|---|---|
| پاك | ناشیرین |
| جوان | نارێك |
| ڕوناك | گەرم |
| ڕێك | پیس |
| سارد | تاریک |



## دەستەواژەكان بە وشەی گونجاو تەواودەكەم.

(دڵسۆز، خاوێن، جوان، بەسود)

چیرۆكی......................

مامۆستای......................

قوتابخانەی......................

گوڵی......................

## ئەم منداڵانە چی دەکەن؟ دەنوسم.



ئەو ......................................................



ئەو ..........................................



ئەو ..........................................

## (ئێمە) بۆ خۆمان بەکاردەهێنم.



ئێمە خوێندمان.

............ناشتـ............

............گوتـ............

............هێنا............

............کرد............

## خۆشنوسی

پۆلەکەمان چەند جوانە!

پۆلەکەمان چەند جوانە!

پۆلەکەمان چەند جوانە!

## ڕێنوس

مامۆستا شەهێن پۆل

سپاسیکرد بەشداربوون دەیانگوت

ئێمە پۆلەکەمان دەڕازێنینەوە.

## ئامۆژگاری

ڕواندنی دار و درەخت و چاندنی گوڵ، گەڕەک و شەقامەکان جوان و ڕازاوەتر دەکەن.

## سەیردەکەین، گفتوگۆدەکەین:

لە پشووی نێوان وانەکاندا

١



٢



٣



٤



یەکەی دووەم

# ئاکار و ڕەوشت

یەکەم: مرۆڤی بەسود
دووەم: واریَ مە (شیعر)
سێیەم: ڕەفتاری هاتوچۆ

# مرۆڤی بەسود



باپیرم گێڕایەوە، گوتی:

لەســەردەمێکی کۆنــدا ســێ هــاوڕێ، لــە گوندەکەمــان ســەفەریانکرد؛

دوای تێپەڕبوونــی چەنــد ســاڵێك گەڕانــەوە.

یەکەمیان: پردێکی لەسەر ڕوبارەکە دروستکرد.

دووەمیان: قوتابخانەیەکی دروستکرد.



سـێیەمیان: نەخۆشـخانەیەکی بـۆ چارەسـەرکردنی نەخۆشـەکانی گوندەکەمان دروستکرد.

باپیـرەم لـە گێڕانـەوەی باسـەکە بـەردەوام بـوو، گوتـی: ئـەو سێ کەسـە مرۆڤـی زۆر بەکەڵـك بـوون.

لێم پرسی: کاری کامیان لە هەموویان باشتر بوو؟


باپیـرەم گوتـی: هەرسێ کارەکـە زۆر بەسـودبوون،گرنگ ئەوەیـە مـرۆڤ کارێـك بـکات سـودی بـۆ خەڵـکی هەبێـت.

درێـژەی بـە قسـەکانیدا و گوتـی: ڕۆڵەکانـم پێویسـتە ئێـوەش لەپێنـاو ئاوەدانکردنـەوە، خزمەتکردنـی گونـد و نیشـتمانەکەتان هەوڵبـدەن و کۆششـبکەن، تـا لـە دواڕۆژدا ببـن بـە پزیشـك و مامۆسـتا و ئەندازیـار... بۆئـەوەی نەخۆشـخانە و قوتابخانـە و پـردی تـر لـە وڵاتەکەمـان بنیادبنێـن.



# چالاكی و ڕاهێنان

## هاوواتاكان



بەسود : بەكەڵك

گوند: دێ، ئاوایی

پرد : پر، پێڵ

منداڵ: زارۆک

دوارۆژ: ئایندە

## گفتوگۆدەكەین.

* چەند كەس لە گوندەكە بۆ كاركردن ڕۆیشتن؟
* دوو هاوڕێی یەكەم چییان بۆ گوندەكە دروستكرد؟
* هاوڕێی سێیەم بۆ خزمەتكردنی گوندەكەیان چی دروستكرد؟
* لەو سێ كارەی هاوڕێكان، كامەیان بەسودتر بوو؟
* تۆ حەز دەكەیت لە دوارۆژدا چی بۆ گوندەكەت یان شارەكەت بكەیت؟

## لە دەقەکەدا وشە دەدۆزمەوە.

* سێ وشە، پیتی (ڕ)یان تێدابێت.

.................... .................... ....................

* سێ وشە، پیتی (ک کـ)یان تێدابێت.

.................... .................... ....................

* سێ وشە، پیتی (گ گـ)یان تێدابێت.

.................... .................... ....................


## مەتەڵ هەڵدەهێنم، دەنوسم.

*– قەڵای گەچین، ڕێی نییە تێیبچین. ....................

*– سەربانێکە و بن بانێکە چوار مەڕ و شوانێکە. ....................

*– هەورۆکە لێی دێتە خوار بەفرۆکە. ....................


*– سێ بران دوای یەك کەوتوون بەیەك ناگەن. ....................



### دژواتاكان لە شوێنی گونجاودا دەنوسم.

(نەزانین، کەم، زیانبەخش، خەمبار، گران)



سودبەخش × زیانبەخش

شادمان × ..............................

زۆر × ..............................

زانین × ..............................

ئاسان × ..............................

### ناوی پیشەکانیان دەڵێم، دەنوسم.



..............................



..............................



..............................

## خۆشنوسی

پێویستە مرۆڤ کارێك بکات، سودی بۆ خەڵك هەبێت.

پێویستە مرۆڤ کارێك بکات، سودی بۆ خەڵك هەبێت.

پێویستە مرۆڤ کارێك بکات، سودی بۆ خەڵك هەبێت.

## ڕێنوس

یەکەمیان: پردێکی لەسەر ڕوبارەکە دروستکرد.

دووەمیان : قوتابخانەیەکی بۆ منداڵانی گوندەکەمان دروستکرد.

سێیەمیان: نەخۆشخانەیەکی بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشەکانی گوندەکەمان دروستکرد.

## ئامۆژگاری

ڕەوشتی جوان، مرۆڤ خۆشەویست دەکات.

# وارێ مه



وارێ مه گەلەك جوانە
ناڤێ وی کوردستانە

وارێ مه جهێ ژینە
قەشەنگ و پڕ ئەڤینە

وارێ مه باخێ گولا
خۆشتەڤی لبەر دلا

وارێ مه زۆر شیرینە
هەمی دەما ڕەنگینە

---

شاعیر ناوی(ڕۆستەم جەلیل)ە ناسراو بە (ڕۆستەم خامۆش) لە ساڵی (١٩٨٠)ز لە گوندی (کانی کوردە) لەدایکبووە، شیعری بۆ منداڵان دەنوسێت.



# چالاكی و ڕاهێنان

## هاوواتاكان

وارێ مە : وڵاتی ئێمە
گەلەك : زۆر
قەشەنگ : جوان
هەمی : هەموو

## گفتوگۆدەكەین.



* ناوی وڵاتی ئێمە چییە؟
* ئەم بە چ زمانەك دئاخڤین؟
* سروشتی كوردستان چۆنە؟
* لە وەرزی بەهاردا كوردستان چۆنە؟
* تو بۆ حەزدكەیت وارێ مە پێشكەڤیت؟

## نیو دێرەكەی تر دەنوسم، ڕاڤەیاندەكەم.

وارێ مە گەلەك جوانە.....................................................

خۆشتەڤی لبەر دلا.....................................................

# ڕەفتاری هاتوچۆ



باوکی ڕەهەند و ئەڤین پۆلیسی هاتوچۆیە، ڕۆژێکیان لە منداڵەکانی پرسی:-


ئێوە لە قوتابخانە دەربارەی ڕەفتاری هاتوچۆی سەر شەقامەکان چی فێربوون؟

ئەڤین گوتی: مامۆستاکەمان ئامۆژگاری کردووین، کە نابێت لەسەر شەقام یاری بکەین.

ڕەهەند: پێویستە لە کاتی پەڕینەوەدا بە لای ڕاست و چەپدا بڕوانین.

ئەڤین: پێویستە لەو شوێنانە بپەڕینەوە، کە تایبەتن بە پەڕینەوە.

باوکیان: ئەی (ترافیك لایت) چەند ڕەنگە؟ بۆچی دانراوە؟



ڕەهەند: سێ ڕەنگە (سور، زەرد، سەوز) بۆ ڕێکخستنی هاتوچۆکردنی پیادە و ئۆتۆمبێلەکان دانراوە.

ئەڤین: ڕەنگی سەوز هێمای ڕۆیشتنە، ئێمە کە بۆ قوتابخانە دەچین، پێویستە لەسەر شۆستەکانەوە بڕۆین.

ڕەهەند: نابێت زۆر خێرا بڕۆین، هەروەها نابێت ڕاوەستین و ڕێگا لە خەڵك بگرین.

ئەڤین: پێویستە لە پەڕینەوەی شەقامەکاندا هاوکاری کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت بکەین.


لە کۆتاییدا باوکیان دەستخۆشی لێکردن و سپاسی مامۆستاکەیانی کرد، ئینجا گوتی شەقام موڵکی گشتییە، پێویستە هەموومان پارێزگاری لە ڕەفتاری هاتوچۆ بکەین.



# چالاکی و ڕاهێنان

**هاوواتاکان لە شوێنی گونجاودا دەنوسم.**

( جادە، نیشانە، لێواری شەقام، ڕێپیشاندان، ئاکار)



* ڕەوشت: ...........................
* شەقام: .........................
* ئامۆژگاریکردن: ........................
* شۆستەکان:.........................
* هێما: ..........................

**گفتوگۆدەکەین**

* باوکی ڕەهەند و ئەڤین پیشەی چییە؟
* بۆچی نابێت لەسەر شەقام یاری بکەین؟
* بۆچی شوێنی پەڕینەوە هێلکاری بۆ دەکرێت؟
* ڕەنگەکانی (ترافیك لایت) بژمێرە؟
* هەر ڕەنگێکی (ترافیك لایت) بۆچی بەکاردێت؟
* سودی (ترافیك لایت) چییە؟
* سودی شۆستەکان چییە؟
* بۆچی پێویستە هاوکاری کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت بکەین؟

## لە دەقەکەدا وشە دەدۆزمەوە.

* سێ وشە، پیتی (ش شـ)یان تێدابێت.

..................، ..................، ..................

* سێ وشە، پیتی (هـ)یان تێدابێت.

..................، ..................، ..................

* سێ وشە پیتی (پ پـ)یان تێدابێت.

..................، ..................، ..................

## سەیردەکەم و دەڵێم، ڕستەکان تەواودەکەم.





لە کاتی پژمیندا ........................ پێش چوونە ژوورەوە ..............................

## سەرنجدەدەم، وەك وێنەی ڕیزی یەکەم دەنوسم.



بەرز    بەرزتر    بەرزترین



گەورە    ..............................    ..............................



بچوک    ..............................    ..............................



درێژ    ..............................    ..............................

## وشەی ڕاست لە شوێنی گونجاو دەنوسم.

١– ددانی ............................ زۆر تیژە. (شێر، سیر)

٢– سۆما حەزی لە هەناری...........................نییە. (ترس، ترش)

٣– کاروان.......................... خوشکی هەیە. (سێ، شێ)

## خۆشنوسی

ئێمە نابێت لەسەر شەقام یاریبکەین.

ئێمە نابێت لەسەر شەقام یاریبکەین.

ئێمە نابێت لەسەر شەقام یاریبکەین.

## ڕێنوس

ڕەهەند       ڕاست       شەقام

ڕەهەند و ئەڤین       ڕاست و چەپ       شەقام و پەڕینەوە

پێویستە لە کاتی پەڕینەوەدا بە لای ڕاست و چەپدا بڕوانین.

## ئامۆژگاری

ڕێزگرتنی یاسا ئەرکی هەموو کەسێکە.

سەیردەکەم، دەڵێم.

## هێماکان



یەکەی سێیەم

# زانست و تەندروستی

یەکەم: ددانەکانمان

دووەم: سوڕی ئاو (شیعر)

سێیەم: بەیتاڵ (سیناریۆ)

چوارەم: کۆمپیوتەر

# ددانەکانمان



ساغی ددانەکانمان نیشانەی تەندروستیمانە، بۆیە پێویستە ئاگاداری ددانەکانمان بین و بیانپارێزین، ڕۆژانە بە فلّچە و هەویری ددان بیانشۆین و لەدوای هەر خواردنێکدا پاکیان بکەینەوە، شیرینی کەم بخۆین، وا باشترە بۆ پشکنین و پاراستنیان لە کلۆری و نەخۆشیی تر بە ڕێکوپێکی سەردانی پزیشکی ددان بکەین.

مرۆڤ بە دووجار ددانی دێت:

یەکەمجار پێیان دەگوترێت: ددانی شیری، ژمارەیان بیست ددانە و لە تەمەنی شەش سالّی بەدواوە دەکەون و دوای ماوەیەکی تر ددانی هەمیشەیی دێن، کە ژمارەیان سی و دوو ددانە. ئەم ددانە هەمیشەییانە ئەگەر بکەون، ددانی تریان لە شوێن نایێت.



# چالاکی و ڕاهێنان

## هاوواتاکان



هەویری ددان: چەڤیرك، (مەعجون)


ساغی: تەندروستی

هاڕین: جوین، وردکردن

هەمیشەیی: هەتا هەتایی

## گفتوگۆدەکەین

* ڕۆژانە چەند جار ددانەکانمان دەشۆین؟
* یەکەم جۆری ددانی مرۆڤ چییان پێدەگوترێت؟
* ددانی شیری ژمارەیان چەندە؟
* ددانی هەمیشەیی ژمارەیان چەندە؟
* چۆن ددانەکانمان دەشۆین؟
* بۆچی سەردانی پزیشکی ددان دەکەین؟



## بڕگەی دووەم دەنوسم، دەخوێنمەوە.



| | | |
|---|---|---|
| بیسـ | | کە |



| | |
|---|---|
| فڵـ | |



| | | |
|---|---|---|
| گە | | پێو |




| | |
|---|---|
| دەر | |

## وشەکان پۆلێندەکەم، دەیانوسم.

(سێو، چاو، یاپراغ، کۆمپیوتەر، هەنار، ساوار، ئاپیات، دەم)

| میوە | چێشت | ئامێر | ئەندامی لەش |
|---|---|---|---|
| | | | |
| | | | |

## ناوی ئەندامەکانی جەستە لە شوێنی ڕاست دەنوسم.




١- ..............................
٢- ..............................
٣- ..............................
٤- ..............................
٥- ..............................
٦- ..............................
٧- ..............................
٨- ..............................
٩- ..............................
١٠- ..............................

## وشەکان ڕێکدەخەم، ڕستە دەنوسم.

* ( نانخواردن، پاك دەکەینەوە، لەدوای، ددانەکانمان)

..............................................................................................

* (بیانپارێزین، بین، و، پێویستە، ئاگاداری، ددانەکانمان)

..............................................................................................

## خۆشنوسی

ساغی ددانەکانمان نیشانەی تەندروستیمانە.

ساغی ددانەکانمان نیشانەی تەندروستیمانە.

ساغی ددانەکانمان نیشانەی تەندروستیمانە.

## ڕێنوس

ددان　　　شیری　　　هەمیشەیی


پزیشکی ددان　　　ددانی شیری　　　ددانی هەمیشەیی

ددانی هەمیشەیی ژمارەیان سی و دوو ددانە.

## ئامۆژگاری

پێویستە لە ساڵێکدا دووجار سەردانی پزیشکی ددان بکەین.

# سوڕی ئاو



سـوڕی ئـاوم لـە ژیـان      لـە ڕوبـار و دەریـاکـان
تیشـکی خـۆر گەرمـم دەکات      دەمـکات بـە هەڵـم و دەمبـات
بـۆ نـاو قوڵایـی ئاسـمان      چڕدەبـمەوە هـەم دیـسان
دەبـم بـە هەورێـکی ڕون      دێـم و دەچـم لـە گـەردون
بـە دڵـۆپـەی بارانـم      دڵخۆشـکەری هەمووانـم
دووبـارە بـە تیشـکی خـۆر      دەبمـە هەڵمـی جـۆر بـە جـۆر
دەڕۆمـەوە بـۆ ئـاسمان      دەبـمـەوە بـە بـاران . .


---

فەرهاد ئەحمەد بەرزنجی لە ساڵی(١٩٧٥)ز لە سلێمانی لە دایکبووە، چەند بەرهەمێکی لە بواری ئەدەبی منداڵان نوسیوە.

# چالاکی و ڕاهێنان



## هاوواتاکان



سوڕ: خولانەوە

تیشك: پڕتەو، تیرۆژک

ڕوبار: زێ، ڕیبار

خۆر: هەتاو، هەتاڤ

چڕ: خەست

گەردون: فەلەك

## گفتوگۆدەکەین.

* چۆن هەڵم دروست دەبێت؟
* هەڵم  پاش چڕبوونەوە دەبێت بە چی؟
* هەور لە ئاسماندا دەبێت بە چی؟
* سودەکانی باران بژمێرە؟
* سودی ئاو چییە؟

## نیو دێرەکەی تر دەنوسم، ڕاڤەیاندەکەم.


........................................................      دێـم و دەچـم لە گـەردون

بـە   دڵـۆپـەی   بـارانـم   ........................................................

بیردەکەمەوە، چیرۆکێك بۆ ئەم وێنانە دەگێڕمەوە.

## بەیتاڵ

## ڤێتێرنەری










# کۆمپیوتەر



ڕۆژێکیان ئاسۆ هەستیکرد چاوەکانی ئازاریدەدەن، بۆیە لەگەڵ باوکی سەردانی پزیشکی چاویان کرد.

پزیشکەکە گوتی: ئاسۆ گیان لەپشت کۆمپیوتەرەکەوە دابنیشە، با چاوەکانت بپشکنم، دوای پشکنین و پێدانی چارەسەر، ئاسۆ چاوەکانی باشتربوون و ئازاریان نەما، ڕۆژێک ئاسۆ لە باوکی پرسی:

باوکەگیان کۆمپیوتەر چییە؟

باوکی گوتی: کۆمپیوتەر ئامێرێکە مامەڵە لەگەڵ زانیارییەکان دەکات و پێویستە هەموو مرۆڤێکی خوێندەوار زۆر بەباشی فێری




ببێـت و بـەکاری بێنێـت.

ئاسۆ: باشە باوکە کۆمپیوتەر سودی چییە؟

باوکـی ئاسـۆ: کـوڕی شـیرینم، کۆمپیوتـەر لـە هەمـوو بوارەکانـی ژیانـدا بەکاردێـت، زۆربـەی خەڵـک دەتوانـن سـودی لـێ ببینـن.

ئاسـۆ: باوکەگیـان، بەڵێـن بێـت، لـە خولـی کۆمپیوتـەردا بەشـداری بکـەم بۆئـەوەی زۆر بەباشـی فێـری کۆمپیوتـەر ببـم.

## چالاکی و ڕاهێنان

**هاوواتاكان لە شوێنی گونجاو دەنوسم.**

(ڕاستییەکان، ماوە، ئێش، کەڵکی لێوەردەگرن)

ئازار: ..............................

زانیارییەکان: ..............................

بوار: ..............................

سودی لێدەبینین: ..............................

**گفتوگۆدەکەین.**

* لاپتۆپ چییە؟
* ئایا دەزانیت ئامێری کۆمپیوتەر بەکاربهێنیت؟
* جگە لە کۆمپیوتەر حەز دەکەیت چ ئامێرێکی تر بەکاربهێنیت؟
* پەپکە (سیدی) بۆچی بەکاردێت؟
* یادگە (فلاش میمۆری) بۆچی بەکاردێت؟







## وشەی ڕاست دەنوسم.

(کێیس، ماوس، بیستەر، مۆنیتەر، کیبۆرد)




١- ..............................

٢- ..............................

٣- ..............................

٤- ..............................

٥- ..............................

## لە دەقەکەدا وشە دەدۆزمەوە.

* سێ وشە، پیتی (ز)یان تێدابێت.

........................ ............................. ..............................

* سێ وشە، پیتی (سـ س)یان تێدابێت.

........................ ............................ ..............................

* سێ وشە، پیتی (ێـ ێ)یان تێدابێت.

............................ ............................ ..............................

## گفتوگۆدەکەین.

پەلکە زێڕینە، کەی و چۆن پەیدا دەبێت؟ چەند ڕەنگە؟ ناوی ڕەنگەکان دەنوسم.



................................

................................

................................

................................

................................

................................

................................

## نیشانەی (✓) یان (X) بۆ وێنەی گونجاو دادەنێم.

 بۆ سەیرکردنی شوێنی دور بەکاردێت. ☐

 بۆ پاراستنی خواردن بەکاردێت. ☐

 بۆ دوورینی پۆشاک بەکاردێت. ☐

 بۆ ساردکردنەوەی هەوای ناو ماڵ بەکاردێت. ☐

## خۆشنوسی

کۆمپیوتەر لە هەموو بوارەکانی ژیاندا بەکاردێت.

کۆمپیوتەر لە هەموو بوارەکانی ژیاندا بەکاردێت.

کۆمپیوتەر لە هەموو بوارەکانی ژیاندا بەکاردێت.

## ڕێنوس

| | | |
|---|---|---|
| پزیشك | بوارەکان | مرۆڤ |
| پزیشکی چاو | بوارەکانی ژیان | مرۆڤی خوێندەوار |

پێویستە هەموو مرۆڤێکی خوێندەوار فێری کۆمپیوتەر ببێت.

## ئامۆژگاری

بەردەوام بەکارهێنانی ئامێرە تیشکدارەکانی وەک(کۆمپیوتەر، ئەتاری، مۆبایل...) کاریگەری خراپی لەسەر چاومان هەیە.

# ئـاو ئایندەیە بەفیڕۆی نادەم





ئاو سەرچاوەی ژیانە

## یەکەی چوارەم

# نیشتمان

یەکەم: کوردستان
دووەم: ئاڵامان (شیعر)
سێیەم: گەشتی شانەدەر

# کوردستان




کوردستان وڵاتی ئێمەیە، جێگای باب و باپیرانمانە، ماڵی گەورەی هەمووومانە، مێژووی هاوبەش، زمانی کوردی، خاك و بەرژەوەندی گشتی بەیەکەوە دەمانبەستێتەوە. کوردستان خاکێکی دەوڵەمەند و بە پیتی هەیە، سامانی سروشتی زۆری تێدایە، وەك: نەوت و کانزا، کە بنچینەی ئابوری وڵاتەکەمان پێکدەهێنن، سروشتێکی دڵگیر و دڵڕفێنی هەیە، شوێنەواری دێرینی زۆری تێدایە، خۆشماندەوێت، شانبەشانی پێشمەرگە خۆمانی بە قوربان دەکەین، وەك بیلبیلەی چاومان دەیپارێزین.



# چالاکی و ڕاهێنان

## هاوواتاکان



بەپیت: بەفەڕ

سامان: سەروەت

دڵگیر و دڵڕفێن: سەرنجڕاکێش

شوێنەوار: ئاسەواری دێرین،جهێن کەڤنار

بیلبیلەی چاو: گلێنەی چاو، بیبیکی چاڤی

## گفتوگۆدەکەین.

* بۆچی وڵاتی خۆمان خۆشدەوێت؟
* سامانە سروشتییەکانی کوردستان بژمێرە؟
* ناوی هەندێ سەیرانگای کوردستان بڵێ؟
* کێ بەرگری لە خاکی کوردستان دەکات؟
* چۆن وڵاتمان بەرەوپێش دەبەین؟

## یاری وشە، لە پیت وشە دروستدەکەم، دەنوسم.



ک



ف



........................................ ........................................ ........................................

## وشەی هەڵە ڕاستدەکەمەوە، ڕستەکە دەنوسمەوە.

١– بابەتەکەم لەسەر دیوار نوسی.

------------------------------------------------------------

٢– گەڵای دار لە وەرزی بەهاردا دەوەرێت.

------------------------------------------------------------

٣– هەنگ لە شیلەی میوە هەنگوین دروستدەکات.

------------------------------------------------------------


**گفتوگۆدەکەین، ڕستە بۆ ئەم وێنەیە دەنوسین.**



١- ..................................................................................................

٢- ..................................................................................................

**من بۆ (تۆ) دەڵێم.**



تۆ خوێندت.

.......ناشتـ.....

.......گوتـ.........

.......هێنا.........

.......خوارد.........

## خۆشنوسی

کوردستان سروشتێکی دڵگیر و دڵڕفێنی هەیە.

کوردستان سروشتێکی دڵگیر و دڵڕفێنی هەیە.

کوردستان سروشتێکی دڵگیر و دڵڕفێنی هەیە.

## ڕێنوس

باپیر بەپیت کانزا

باب و باپیرانمان دەوڵەمەند و بەپیت نەوت و کانزا

کوردستان جێگای باب و باپیرانمانە، خاکێکی دەوڵەمەند و بەپیتی هەیە.

## ئامۆژگاری

پێشمەرگە شایانی خۆشەویستی و ڕێزلێنانە، بەرگری لە خاك و وڵات و سەروەرییەکانمان دەکات.

# ئاڵامان



ئاڵامان شەکاوەیە
قەشەنگ و ڕازاوەیە
چوار ڕەنگی جوان و گەشە
هی خاکێکی چوار بەشە
سپی و زەرد، سەوز و سورە
هیوای نزیك و دورە
زەردی ڕۆژی ڕوناکە
سپیی ئاشتییە و پاکە
سەوزی هێمای ژیانە
سور خوێنی شەهیدانە
با هەموومان یەك دەنگ بین
یەك گوتار و یەك ڕەنگ بین
یەك بخەین تەقەلامان
تا هەر وابێ ئاڵامان
هەر جوان و گەشاوە بێ
بەرز بێ، شەکاوە بێ


---

شاعیر ناوی (موحسین حەمەد ئەمین زینەددین)ە لە ساڵی (١٩٥١)ز لە شاری هەولێر لەدایکبووە شیعری بۆ نیشتمان و منداڵان نوسیوە، لە ساڵی (٢٠١٢)زکۆچیکردووە.

# چالاکی و ڕاهێنان



## هاوواتاکان



شەکاوەیە: دەلەرێتەوە

قەشەنگ: جوان، ڕازاوە

هیوا: هێڤی، ئومێد

تەقەلا: هەوڵ، کۆشش

## گفتوگۆدەکەین.

* ئاڵای کوردستان چەند ڕەنگە؟
* هەر ڕەنگێکی نیشانەی چییە؟
* کەی ڕۆژی ئاڵایە؟
* هەمووومان لەم ڕۆژەدا چی دەکەین؟

## نیو دێرەکەی تر دەنوسم، ڕاڤەیاندەکەم.

ئاڵامان شەکاوەیە ..........................................

..........................................ی خاکێکی چوار بەشە

# گەشتی شانەدەر



لاقەی خوشکم دوای گەڕانەوەی لە گەشتی قوتابخانە بۆ ئەشکەوتی شانەدەر، شەو دانیشتین و باسی گەشتەکەی بۆ کردین، گوتی: ئەم ئەشکەوتە دەکەوێتە چیای برادۆست، لە پارێزگای هەولێر، مامۆستای مێژوو بۆی گێڕاینەوە، ئەم ئەشکەوتە شوێنەوارێکی کۆنی کوردستانە و کۆنترین مرۆڤی تێدا ژیاوە، لەو سەردەمەدا مرۆڤ خەریکی ڕاوکردن و کۆکردنەوەی خۆراک بووە، لە کۆندا بەرلەوەی مرۆڤ نیشتەجێ ببێت و کشتوکاڵ بکات، بۆ خۆپاراستن لە باران و لافاو و دیاردەی سروشتی و گیانلەبەری دڕندە، پەنای بۆ ئەشکەوت بردووە و شوێنی حەسانەوەی بووە.

باوکم گوتی: زۆر ئەشکەوت و شوێنەواری مێژوویی تر لە کوردستان هەن، وەك ئەشکەوتی (هەزارمێرد) و (زەرزیٚ) و گوندی (چەرمۆ).



# چالاکی و ڕاهێنان

## هاوواتاکان

ئەشکەوت: شکەفت

پارێزگا: کۆمەڵێک شار و گوند دەگرێتەوە


سروشت: تەبیعەت، خوەزا

حەسانەوە: سرەوتن، پشوودان، بێهنقەدان



## گفتوگۆدەکەین.

* کێ گەشتی قوتابخانەی کردبوو؟
* چیای برادۆست دەکەوێتە کوێوە؟
* ناوی چەند چیایەکی کوردستان بڵێ؟
* مرۆڤی کۆن بۆ خۆپاراستن لە باران و لافاو لە کوێدا دەژیا؟
* لە گوندەکەت، یان شارەکەت شوێنەواری کۆن هەیە؟ ئەگەر هەیە ناویان بڵێ.
* گرنگی شوێنەواری کۆن بۆ ئێمە چییە؟



## ناوی وێنەکان بە پیت دەنوسم،دەنگەکانیان گۆدەکەم.





## لە دەقەکەدا وشە دەدۆزمەوە.

* سێ وشە، پیتی (و)یان تێدابێت.

................................ ................................ ................................

* سێ وشە، پیتی (وو)یان تێدابێت.

................................ ................................ ................................

* سێ وشە، پیتی (ۆ)یان تێدابێت.

................................ ................................ ................................

## من بە (ئێوە) دەڵێم.



ئێوە خوێندتان.

........ ناشت ........

........ گوت ........

........ هێنا ........

........ خوارد ..................

## وشەکان لە شوێنی گونجاودا دەنوسم.

(من، تۆ، ئەو)

◯ پاکوخاوێنی شارەکەی دەپارێزێت.

◯ پاکوخاوێنی شارەکەم دەپارێزم.

◯ پاکوخاوێنی شارەکەت دەپارێزیت.



## خۆشنوسی

ئەشكەوتی شانەدەر دەكەوێتە چیای برادۆست.

ئەشكەوتی شانەدەر دەكەوێتە چیای برادۆست.

ئەشكەوتی شانەدەر دەكەوێتە چیای برادۆست.

## ڕێنوس

قوتابخانە ئەشكەوت شوێنەوار

گەشتی قوتابخانە ئەشكەوتی شانەدەر شوێنەواری كۆن

ئەشكەوتی شانەدەر شوێنەوارێكی كۆنی كوردستانە.

## ئامۆژگاری

پاراستنی شوێنەوارەكان نیشانەی خۆشەویستییە بۆ خاك و نیشتمان.

# فەرهەنگۆك

ڕەوشتی هاتوچۆ (ن): ڕێباز (س) : دەسور و ئاموشی (گ) : هامشوو (خ)

پەڕینەوە (ن): دەربازبوون (س) : پڕایۆ (گ) : ئەو پەڕین (خ)

پیادەڕەو (ن): پیادەڕەوی (س) : پیادەڕەوی (گ) : بەیازی (خ)

تایبەت (ن): نەخاسمە (س) : ئەللاحەدە (گ) : تایوەت (خ)

ڕەنگ (ن): ڕەنگ (س) : ڕەنگ (گ) : ڕەنگ (خ)

شۆستە (ن): ڕخێن جادێ (س) شوسە(گ): شوستە ڕوڕێ(خ)

خێرا (ن): بلەز (س) : خێرا (گ) : تن (خ)

خەڵك (ن): خەلك (س) : خەڵك (گ) : مەردەم (خ)

ڕاوەستان (ن): ڕاوەستیان (س) : مدرای (گ) : وسیان (خ)

خاوەن پێداویستی تایبەت (ن): خودان پیدڤین تایبەت (س) : پێداویستی تایبەت (گ) : چولاق (خ)
دەستخۆشی (ن): دەستخۆشی (س) : دەس وەشی (گ) : مەمنونی (خ)

سپاسکردن (ن): سپاسکرن (س) : مەمنون بییەی (گ) : مەمنونی (خ)

پارێزگاری (ن): پارێزگاری (س) : پارێزنای (گ) : مقەیەتی (خ)

موڵك (ن): ملك (س) : موڵك (گ) : موڵکداری (خ)

گشتی (ن): تەڤایی (س) : گردین (گ) : گشتی (خ)

هێما (ن): هیما (س) : ئیشارەت (گ) : ئیشارە (خ)

پیشە (ن): پیشە (س) : پیشە(گ) : پیشە(خ)

هێلکاری (ن): هێلکاری (س) : هێلکاری (گ) : حکچکی (خ)

باپیرە (ن): باپیر (س) : بابا (گ) : باپیرە (خ)

سەردەمی کۆن (ن): چاخین کڤن (س) : سەردەم و کۆنی (گ) : ئەو سانان (خ)

گوند (ن): گوند (س) : دەگا (گ) : دێکە (خ)

پرد (ن): پر(س) : پردی (گ) : پێڵ (خ)

سودبەخش (ن): مفا (س) : بەکەڵك (گ) : سودار (خ)

ئاوەدانکردنەوە (ن): ئاڤاکرن (س) : ئاوەدان کەردەی (گ) : ئاوە دانو کەردەیی (خ)

خزمەتکردن (ن): خزمەتکردن (س) : خزمەت کەردەی (گ) : خزمەت کەردە (خ)

نیشتمان (ن): وڵات (س) : وەڵات (گ) : نیشتمان (خ)

مەڵبەند (ن): بنگە (س) : هەوێڵ (گ) : میلکان (خ)

هۆش (ن): هش (س) : هوش (گ) : ڕۆشنایی (خ)

ڕوناکی (ن): ڕوناهی (س) : ڕۆشنایی (گ) : ڕۆشنایی (خ)

وریا(ن): هشیار(س) : گورجوگوڵ (گ) : وریا(خ)

تەنگانە (ن): تەنگاقی (س): تەنگانە (گ) : تەنگانە (خ)

ئازا (ن): مێرخاس (س) : ئازا (گ) : وەجەرگ (خ)

بیر (ن): هزر (س) : ویر (گ) : هویر (خ)

شوشتن (ن): شوشتن (س) : شتەی (گ) : شۆردن (خ)

بەرچایی (ن): تێشت (س) : وەرچایی (گ) : قاوەڵتی (خ)

جل (ن): جلك (س) : جل (گ) : جنك، دەڵنگ (خ)

پشوو (ن): بینڤەدان (س) : وچانە (گ) : شەکەتی دەرکردن (خ)

پەرۆشی (ن): شوق (س) : پەرۆشی (گ) : تامازرۆیی (خ)

پیشوازیکردن (ن): ب بەربەچون (س) : پێشوازی کەردەی (گ) : ئەوە پیری چوون (خ)

دڵخۆشبوون (ن): دلخۆشبوون (س) : دڵوەش بییەیی (گ) : دڵخۆشی (خ)

ڕازاندنەوە (ن): خەملاندن (س) : هۆنایو (گ) : ڕەژین (خ)

دەست بەرزکردنەوە (ن): دەست بڵندکرن (س) : دەست بەرز ئەوە کەردەی (گ) : دەس هەڵگرتن (خ)

پاکوخاوێنی (ن): پاقژ (س) : پوختە (گ) : پاکوپرچ (خ)

بەشداریکردن (ن): پشکدارکرن (س): بەشداری کەردەی (گ): هاوبەشی بوون (خ)

شەکاوە (ن): هەژیان (س) : ئەوە شۆکیا (گ) : شەکیایی، ژەنیایی (خ)

قەشەنگ (ن): جوان (س) : زەریف (گ) : قەشەنگ (خ)

هەستکردن (ن): هەستکرن (س) : هەس کەردی (گ) : حس کردە (خ)

ئازاردان (ن): ئێشاندن (س) : ئەزاردای (گ) :ئەزیەدان (خ)

چینەکان (ن): تاخ (س) : چینەکی (گ) : چینەکان (خ)

باب و باپیران (ن): باب و باپیۆ (س) : ئەژداد (گ) : باوگ و باپیرەیل (خ)

بەپیت (ن): بیرکەت (س) : پیتدار (گ) : پیتدار (خ)

دەوڵەمەند (ن): دەولەمەند (س) : دەوڵەمەند (گ) : دەوڵەت مەند (خ)

سامانی سروشتی (ن): سامانی سروشتی (س) : سامانەی سروشییە (گ) : سامان سروشتی (خ)

سروشت (ن): سروشت خوازا (س) : سروشت (گ) : سریشت، سروشت (خ)

دڵڕفێن (ن): دلکێش (س) : دڵ ئەرفان (گ) : دڵبەر (خ)

شوێنەوار(ن): شونەوار، کەڤنار (س) : شونەوار (گ) : شوێن ملکان (خ)

بیبیلە (ن): بیبلك (س) : بیلبیلە (گ) : گلینك (خ)

گەشت (ن): گەشت (س) : گەشت (گ) : گەردین (خ)
ئەشکەوت (ن): شکەفت (س) : مەرە (گ) : ئەشکەفت (خ)

دڕندە (ن): درندە (س) : درندە (گ) : دڕندە (خ)

حەسانەوە (ن): ڤەهەسیان (س) : ئەوەسەیای (گ) : هەناسە و خواردن (خ)

هەڵم (ن): هەلم (س) : هەڵمی (گ) : هەڵم (خ)

چرپبوونەوە (ن): هەمبزبون (س) : هەسۆبییەی (گ) : خەست بوونەوە (خ)

هەور (ن): عەور، ئەور (س) : هۆر (گ) : ئەور (خ)

گەردون (ن): گەردون (س) : گەردون (گ) : گەردون (خ)

نمنم (ن): هورباران (س) : نمنم (گ) : نەرمەواران (خ)

لێزمە (ن): باڕۆڤە (س) : لیزمە (گ) : ڕفت (خ)

تیشك (ن): تیرۆشك (س)،تیشکە (گ) : لیسك (خ)

کلۆر (ن): قۆڕ (س) : قرۆڵ (گ) : کلۆر (خ)

(ن): کرمانجی ناوەڕاست (سۆرانی، موکریان، ئەردەلان، سلێمانی، گەرمیان)

(س): کرمانجی سەروو (بایەزید، هەکاری، بۆتان، ئاشیتی، بادینی)

(گ): گۆران(هەورامی، زەنگەنە، کاکەیی، باجەلانی)، (زازایی)

(خ): کرمانجی خواروو(فەیلی، کرمانشانی، بەختیاری، لەکی، کەهلوری)

# ناوەرۆك

لاپەڕە | بابەت


پێشەكی.......................................................................................٤
نەخشەی كتێب .................................................................................٥-٦
ساڵی نوێمان پیرۆز بێ .......................................................................٧
پێداچوونەوەی چەند بابەتێكی پۆلی یەكەم ...................................................٨–٢٨
**یەكەی یەكەم**...................................................................................٢٩
گەڕانەوە بۆ قوتابخانە.......................................................................٣٠–٣٤
قوتابخانە (شیعر)...............................................................................٣٥–٣٦
پۆلەكەمان پاكوخاوێنە........................................................................٣٧–٤١
لە پشووی نێوان وانەكاندا(سیناریۆ)..........................................................٤٢
**یەكەی دووەم**...................................................................................٤٣
مرۆڤی بەسود .................................................................................٤٤–٤٩
واڕێ مە (شیعر) ...............................................................................٥٠–٥١
ڕەفتاری هاتوچۆ.................................................................................٥٢–٥٧
هێماكان........................................................................................٥٨
**یەكەی سێیەم**...................................................................................٥٩
ددانەكانمان ..................................................................................٦٠–٦٤
سوڕی ئاو (شیعر)...............................................................................٦٥–٦٦
بەیتاڵ– ڤێتێرنەری (سیناریۆ) ................................................................٦٧
كۆمپیوتەر ......................................................................................٦٨–٧٣
ئاو ئایندەیە بە فیڕۆی نادەم.................................................................٧٤
**یەكەی چوارەم**..................................................................................٧٥
كوردستان .......................................................................................٧٦–٨٠
ئاڵامان (شیعر) ...............................................................................٨١–٨٢
گەشتی شانەدەر ...............................................................................٨٣–٨٧
فەرهەنگۆك ......................................................................................٨٨–٩٢
ناوەرۆك .........................................................................................٩٣

# ئاو ئایندەیە بەفیڕۆی نادەم.

